# IRAQ | عێراق

TIER 2

لیژنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) لیژنەیەکی حکومی سەربەخۆی فیدرالی ئەمریکایە کە لەلایەن هەردوو حزبی گەورەی ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرێت، لە ساڵی ١٩٩٨ دامەزراوە لەلایەن یاسای نێودەوڵەتی بۆ ئازادی ئایینی (*IRFA*) کە هەڵدەستێ بە چاودێریکردنی مافی جیهانی بۆ ئازادی ئایینی یان بیروڕا لە دەرەوەی وڵات. لیژنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) پێوانەی نێودەوڵەتی بەکاردێنێت بۆ چاودێریکردنی ئەو توندوتیژییانەی ئەنجام دەدرێن لە بەرامبەر ئازادی ئایینی یاخود بیروڕا لە دەرەوەی وڵات، وە هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی ڕاسپاردە و سیاسەتی پێویست بۆ سەرۆک و وەزیری دەرەوە و کۆنگرێس. لیژنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) کیانێکی سەربەخۆیە، جیایە لە وەزارەتی دەرەوە. ڕاپۆرتی ساڵانەی ٢٠١٧ لوتکەی کاری ساڵانەی خۆیەتی لەلایەن فەرمانبەران و ستافی شارەزا کە توندوتیژییەکانییان تۆمارکردووە و ڕاسپاردەی سیاسەتی سەربەخۆیان ئامادەکردووە بۆ حکومەتی ئەمریکا. ڕاپۆرتی ساڵانەی ٢٠١٧ بەدرێژایی ساڵی ٢٠١٦ تاوەکو شوباتی ٢٠١٧ لەخۆدەگرێت، هەرچەندە لەهەندێک حاڵەتدا هەندێ ڕووداوی گرنگ کە لەدوای ئەم کاتەوە ڕوویانداوە باسکراون لەم ڕاپۆرتەدا. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی لیژنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) سەیری ماڵپەڕەکە بکە لێرە، یاخود ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکە بە (*USCIRF*) لەڕێگەی ئەم ژمارەیەوە 202-786-0611 .

**عێراق**

**دەرەنجامە سەرەکییەکان:** توندوتیژی توندی ئازادی ئایینی بەردەوامبوو لە عێراقدا بەدرێژایی ساڵی ٢٠١٦. هەوڵەکانی عێراق و هەوڵە نێودەوڵەتییەکان لەدژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا (داعش) بوونەهۆی ئەوەی کە بتوانن دەستبگرنەوە بەسەر چەند شارێکی گرنگدا، لەوانە ڕومادی و فەللوجە، بەڵام گروپە تیرۆریستییەکە بەردەوامبوو لەوەی کە بێ بەزەییانە هەرکەسێک بکاتە ئامانج کە بیروڕای ئیسلامی توندڕەو هەڵنەگرێت، لەوانە ئەندامانی کۆمەڵگاکانی مەسیحی و یەزیدی و شیعی و تورکمان و شەبەک، هەروەها کۆمەڵگای سوننیش. لە مانگی ئاداری ٢٠١٦ جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە چەوساندنەوەی ئەم گروپانە لەلایەن داعشەوە دەچێتە خانەی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) و تاوان دژی مرۆڤایەتی. داعش خراپترین و قێزەونترین تاوانی لەدژی ئازادییە ئاینییەکان ئەنجامداوە. ئەم گروپە بووەتە هۆکاری وەدەرنانی زیاتر لە ٣,٤ ملیۆن عێراقی لە شوێن و ماڵی خۆیان، زۆرێک لەوانە چوونەتە ئەو شوێنانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە(KRG) کۆنترۆڵکراوە. لەوکاتەی کە حکومەتی عێراقی هەوڵیداوە کە ململانێی تاقمی ئایینی (تائیفی) لەنێوان کۆمەڵگەی شیعە و سوننە بوەستێنێت لە عێراقدا، لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە کە ئەو هێرشانە بوەستێنرێت کە دەکرێنە سەر موسڵمانە سوننیەکان لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی (PMF) کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن. لە کۆتاییدا، لەوکاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووەتە پەناگە و هەروەها هەندێ ئاستی پاڵپشتی دابینکردووە بۆ ژمارەیەکی زۆری ئاوارە کەمایەتییەکان لە ناوچەکانی خۆیدا، هەندێک گلەیی هەبوو لە بەکارهێنانی خاکی مەسیحییەکان و هەروەها کەمی نوێنەرایەتی کاریگەری کەمایەتییەکان لە سیستەمی کوردیدا. لەسەر بنەمای ئەم بابەتانەوە لەساڵی ٢٠١٧، لیژنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) عێراقی لە ئاستی دووەم داناوە وە وای دەبینێت کە داعش لێهاتووە لە دەستنیشانکردن وەکو "کیانێک کە دڵەڕاوکێی تایبەت دروستدەکات" دەربارەی توندوتیژییەکانی بەرامبەر ئازادی ئایینی لە گۆڕانکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ ئازادی ئایینی (*IRFA*) لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦.

## ڕاسپاردەکان بۆ حکومەتی ئەمریکا

- دانانی داعش وەکو "کیانێک کە دڵەڕاوکێی تایبەت دروستدەکات" لە گۆڕانکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ ئازادی ئایینی (*IRFA*) لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦دا.

- گرنگیدان بە کارکردن لەگەڵ حکومەتی عێراقی بۆ وەستاندنی هێرشە تائیفییەکانی حەشدی شەعبی (PMF)، وە دڵنیابین لەوەی کە موسڵێکی ئازادکراو نەچێتە ژێر دەسەڵاتی گروپی چەکداری وا کە سووربێت لەسەر فراوانکردنی ئەجێندای تائیفی، وە حکومەتێکی وا لە بەغدا دابمەزرێت کە هەموو کۆمەڵگاکانی عێراق لەخۆبگرێت.

- پاڵپشتی یان داواکردنی سپاردەی لیژنەی پاراستنی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC) بۆ لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی دەستدرێژییەکانی داعش لە عێراق و سوریا لە دژی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینییەکان، هەروەکو ئەو شێوازانەی کە لە سودان و لیبیا بەکارهاتن، یان هانی حکومەتی عێراقی بدرێت بۆ ڕازیبوون لەسەر دادگەری دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC) بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دەستدرێژییەکانی داعش لە عێراق لەدوای مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤وە.

- هاندانی هاوپەیمانی دژی داعش لە چالاکییە بەردەوامەکانیاندا، بۆ کارکردن وە بۆ گەشەپێدانی پێوانەکانییان بۆ پاراستن و یارمەتیدانی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینییەکان کە ناتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن، وەکو بەرزکردنەوەی یارمەتی مرۆیی خێرا (یەکسەر)، هەروەها ئەوش لە کارە سەرەکییەکان دابنرێت کە ئەوانەی زۆر بێ دەسەڵات و ئەگەری هێرشکردنە سەریان زۆرە، لە وڵاتێکی تردا جێگەیان بکرێتەوە و بحەوێنرێنەوە لە وڵاتی سێیەمدا، وە دابینکردنی پاڵپشتی ماوە درێژ لە وڵاتە خۆجێییەکان بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان لەدوای تەواوبوونی ململانێکان.

- گەشەپێدانی پلانی کار بۆ کارکردن لەگەڵ وە پاراستنی ئەو کەمایەتییانەی کە ئاوارەبوونە و هەڕەشەی ئاینییان لەسەرە لە عێراقدا، وە دووبارە بنیاتنانەوەی ئەو ناوچانەی کە ئازادکراون لە موسڵ و شەنگال و نەینەوا.

- پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی بنیاتنانی تواناکان بۆ یارمەتیدانی سێکتەرەکانی دادگەری و لێکۆڵینەوەی تاوان بۆ دەستگیرکردنی ئەو ئەندامانەی حەشدی شەعبی (PMF) کە بەرپرسیارن لە گێچەڵ کردن بەو موسوڵمانە سوننیانەی کە لەشەڕدانین و وە بە کەمایەتییە ئاینییەکانی تریش.

- هەموو هێزە ئەمنی و سەربازییەکان بەشداربن لە یارمەتیدانی حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) لەوەی کە هێزە ئەمنییەکان یەکگرتووبن لە کاردانەوەی گونجاو و شیاو لە بەرامبەر جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی لە وڵاتدا، وە ڕاهێنان بکرێت بە یەکە نێردراوەکان لەسەر پیوانەکانی مافە جیهانییەکانی مرۆڤ، وە چۆن مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتی بکرێت بەتایبەتی لە گەڵ کەمایەتییە ئاینییەکاندا.

- هاندانی حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) بۆ پاراستنی مافەکانی هەموو عێراقییەکان وە وەستاندنی جیاکاریکردن وەکو بەشێک لە دانوستانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) و حکومەتی عێراقی لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان، وە پاڵەپەستۆخستنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) بۆ چارەسەرکردنی ئەو دەستدرێژیانەی کە دەکرێنە سەر کەمایەتییەکان لەلایەن کاربەدەستە کوردەکان ئەنجامدەدرێن لەم ناوچانەدا، وە لێکۆڵینەوە لەو داوایانەی دەکرێن دەربارەی دەستبەسرداگرتنی خاک.

- بەردەوامبوون لەسەر پاڵپشتیکردنی ئەو پرۆگرامانەی کە کۆمەڵگاکان بەهێز دەکەن لەسەر ئاستی ناوخۆیی شارەوانی بۆ برەودان بە ژینگەیەکی وا کە پەیوەندی و بەرپرسیارییەتی و ئاشتەوایی کۆمەڵگە تییدا بەرجەستە بکرێت بۆ چارەسەرکردنی سکاڵا و گرژییەکان، وە

- هەوڵدان بۆ پاراستن و هێشتنەوەی ئەو ناوچانەی کە ڕەنگدانەوەی کەلەپووری ڕۆشنبیری و ئایینین وەکو بابلیۆن و مزگەوت و کەنیسە کۆنەکان، وە هەروەها ئاسارە ئایینییە کۆنەکان و دەستکردەکان بپارێزرێن.

کۆنگرێسی ئەمریکا پێویستە:

- جێگەکردنەوەی یاسای دەستبەسەرداگرتنی خاکی پەیوەست بە ئەمریکا بۆ دابینکردنی برێک خەرجی بۆ ساڵی دارایی ئێستا و ساڵی داهاتوو کە ڕێگە بە حکومەتی ئەمریکا دەدات ڕەزامەندی بنوێنێت لەسەر دابینکردنی خەرجی بۆ یارمەتی هاوشێوە بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی یان حاڵەتەکانی تاوانی جەنگ لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC) لەسەر بنەمای حاڵەت لەدوای حاڵەت، وە کاتێک کە لەسەر ئاستی نیشتمانی گرنگی دەدرێت بە دابینکردنی یارمەتییەکی لەو شێوەیە.

**پاشخان**

دکتاتۆرییەتی سەرۆکی پێشوو سەدام حوسێن حاڵەتێکی وای درووستکردبوو کە ببوە هۆی ململانێی تائیفی کە ئێستا بووەتە بەڵایەک لەسەر کۆمەڵگای عێراقی، کە ئەمەش بەشێوەیەکی نەرێنی کاریکردۆتە سەر مافەکانی مرۆڤ و بارودۆخی ئازادی ئایینی. ئەم ململانێیانە زیاتربوون دوای ئەوەی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا لەلایەن ئەمریکاوە هێرشی کرایەسەر و ڕژێمی سەدام حوسێن ڕوخێنرا، کە ئەویش (سەدام حوسێن) لەڕێگەی هەڕەشە و تۆقاندنەوە حوکمی عێراقی دەکرد، کە کەمایەتی

موسوڵمانی سوننی زاڵکردبوو بەسەر زۆرینەی شیعە و کورددا. لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٣ تاوەکو ٢٠١٤، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق زیاتر کاریدەکرد لەسەربنەمای دەساڵات و تائیفی، کە شکستی هێنا لە هاوکاریکردن لەگەڵ هەموو تاکەکانی عێراقدا – بەتایبەتی لەگەڵ دانیشتوانی موسوڵمانی سوننەدا – لەسەر بنەمای حکومەتێکی هاوبەش لە دەسەڵاتدا. ئەمەش کۆمەڵگای بە چڕی بۆ دووبەرە دابەشکرد، کە ململانێی نێوان کۆمەڵگەی شیعە و سوننە زۆر قوڵبۆوە. لەوەتەی ٢٠١٤ەوە، سەرۆک وەزیران حەیدەر عەبادی هەوڵی داوە کە سیاسەتە تائیفییەکانی مالیکی کاڵبکاتەوە، بەڵام هێشتا کاری زۆر ماوە بکرێن. جگە لەمانەش، عەبادی سەرکەوتوونەبووە لە پێکەوەبەستنی میلیشیا شیعەکان لەگەڵ هێزەکانی پاراستنی عێراق، کە ئەمەش ڕێی خۆشکردووە کە ئەوان لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت چالاکی خۆیان ئەنجامبدەن لە هەندێ ناوچەی وڵاتدا. پاڵپشتی ئێران لە حکومەتەکەی مالیکی بەشێوەیەکی گشتی، وە پاڵپشتیکردنی لە میلیشیا شیعەکان و حەشدی شەعبی (PMF) بەتایبەتی، دژایەتیکردنبووە لەگەڵ کۆمەڵگا سوننیەکانی عێراقدا، کە ئەمەش وای لە هەندێکیان کردووە کە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) وەکو فریادڕەس و پارێزەریان ببینن. هەروەکو کە حکومەتی ئێرانی شاراوە نەبووە لە دەرخستنی ئامانجەکانیدا. یونسی، ڕاوێژکاری سەرۆک حەسەن ڕۆحانی بۆ کاروباری کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینییەکان، لە مانگی ئاداری ٢٠١٥دا ڕایگەیاند کە عێراق بەشێکە لە "شارستانییەتی گەورەی ئێران".

ئەم بارودۆخە یارمەتیدەربوو بۆ دەرکەوتنی داعش لە باکوور و ناوەڕاستی عێراقدا. گرنگیدانی سەدام حوسێن بە دانیشتوانی سوننە و گرنگیدانی مالیکی بە دانیشتوانی شیعە جیاکاری دروستکرد و بێمتمانەییەکی بەرچاوی هێنایە ئاراوە لەنێوان ئەم دوو کۆمەڵگایەدا، ئەم ململانێیانە بە تێپەڕبوونی کات خراپتربوون. دانیشتوانی سوننی متمانەیان بە حکومەتی زۆرینەی شیعە نییە لە پاراستنی ئەواندا یان بە هەماهەنگی لە بەشداریکردنی کاریگەری لە حکومەتدا، بە پێچەوانەوە هەمان شتیش لەسەر شیعەکان جێبەجێ دەبێت. جگە لەمانە، کۆمەڵگا کەمایەتییە ئاینییەکان، لەوانە کۆمەڵگاکانی یەزیدی و مەسیحی گومانیان لە خواست و توانای حکومەتی عێراقی هەیە لە پاراستنیان لەدەستی داعشدا و وە لەوەشی کە بەشێوەیەکی یەکسان و دادوەرانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. زۆرێک لەم کۆمەڵگایانە بڕوایان بەوە نییە کە ئازادی ئاینی و مافەکانی مرۆڤ لەکارە لەپێشینەکانی عێراقدا بێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) پەناگەیەکی پارێزراوی بۆ زۆرێک لەم کەمایەتییانەی وڵات دابینکردووە، بەتایبەتی ئاوانەی کە لەکاتی کەوتنی موسڵدا ئاوارەبوون. بەنزیکەیی ٩٢٠،٠٠٠ عێراقی ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوونە. جگە لەمانەش زیاتر لە ٢٣٠،٠٠٠ پەنابەری سوری لە هەرێمی کوردستاندا هەن. گرژی پەیوەندی نێوان بەغدا - حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) بەردەوامە لە پاڵەپەستۆ خستنە سەر تواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG) لە دابینکردنی یارمەتی مرۆیی پێویست بۆ خەڵکی خۆی وە بۆ دانیشتوانە ئاوارەبووەکان.

تەنانەت پێش دەرکەوتنی داعش، بچووکترین کۆمەڵگەی ئاینی وڵات – لەوانە کاسۆلیکی و مەسیحییە کۆنەکان و پرۆتیستانتەکان و یەزیدییەکان و مەندائییە سابینەکان – ئەمانە پێشووتر ڕێژەیان لە کەمبوونەوەدابوو، وە ژمارەیان بەردەوامبوو لە کەمبوونەوە لەکاتی دەرکەوتنی داعش لە باکوری عێراق لەساڵی ٢٠١٤دا. بەگوێرەی دواترین ئامارەکانی حکومەتی عێراقی لەساڵی ٢٠١٠دا ٩٧٪ دانیشتوانی عێراق موسوڵمانن. موسوڵمانە شیعەکان – لەوانە عەرەب و تورکمان و فەیلی (شیعە) کوردەکان - کە ئەمەش ڕێژەی ٥٠ تا ٦٠ لەسەدای دانیشتوان پێکدەهێنن. عەرەب و کوردە سوننەکان ڕێژەی لەسەدا ٤٠ی دانیشتوان پێکدەهێنن. بەگوێرەی سەرکردەکانی مەسیحی، ئێستا کەمتر لە ٢٥٠،٠٠٠ مەسیحی لە عێراقدا هەن، کە ئەمەش ڕێژەکەی کەمی کردووە چونکە پێش ساڵی ٢٠٠٣ ڕێژەکە بریتیبوو لە نزیکەی ١،٤ ملیۆن مەسیحی. سەرکردە یەزیدییەکان وای ڕادەگەیەنن کە کۆمەڵگاکەی ئەوان ئێستا نزیکەی ٤٠٠،٠٠٠ – ٥٠٠،٠٠٠ کەس پێکدێت، لەوکاتەی

کۆمەڵگای کاکەییەکان زیاتر نین لە ۳۰۰،۰۰۰ کەس. کۆمەڵگای مەندائییە سابینەکان لەنێوان ۱۰۰۰ تا ۲۰۰۰ کەسدان وە کەمتر لە ۲۰۰۰ باهایس هەن.

**بارودۆخی ئازادی ئایینی ۲۰۱۶ – ۲۰۱۷**

**دەستدرێژییەکانی داعش:** تا تشرینی دووەمی ۲۰۱۶، ئەمریکا و هەوپەیمانییەتی دژی داعش نزیکەی لەسەدا ٥٦ی ئەو ناوچانەیان کۆنترۆڵکردەوە کە پێشووتر داعش لە عێراقدا داگیریکردبوون. ڕومادی و فەلوجە دووبارە ئازادکرانەوە لە شوبات و حوزەیراندا، یەک لەدوای یەک، وە پرۆسەی ئازادکردنەوەی پارێزگای نەینەوا بەردەوامە. هێرشە بەردەوامەکانی سەر موسڵ بەشێکی گرنگی شەڕەکەیە لەدژی داعش، چونکە موسڵ کە سێیەمین گەورەترین شارە لە عێراقدا شارێکە کە عەرەبی سوننە بەڕێوەی دەبەن لە ناوەڕاستی پارێزگایەکی جیاوازە لەڕووی دانیشتوانەوە، کە ماڵ و حاڵی زۆرێک لە کۆمەڵگا کەمایەتییەکانی عێراقە.

داعش ژمارەیەک هێرشی گەورەی لە ساڵی ۲۰۱٦دا ئەنجامدا. ئەم گروپە تاوانی جەنگی ئەنجامداوە، لەوانە دزیکردن، دەستدرێژی سێکسی، تاڵانکردن و هەروەها بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەدژی هێزە عێراقیەکان، وە دەیان و هەزاران هاوڵاتی مەدەنی بەکارهێناوە وەکو قەڵغانی مرۆیی وەکو هەوڵێک بۆ ڕێگەگرتن لە هێرشەکانی هاوپەیمانان لەسەر شاری موسڵ. داعش هەروەها هەوڵیداوە کە بەمەبەست ململانێی تائیفی زەقبکاتەوە لەڕێگەی بەئامانجکردنی موسوڵمانە شیعەکان و کۆمەڵگا کەمایەتییەکان. لە مانگی کانوونی دووەمی ۲۰۱٦دا، هێرشێکی خۆکوژی دووکەسی ئەنجامدا بۆسەر مزگەوتێک و چایخانەیەک لە شارەبان لە پارێزگای دیالە، کە ناوچەیەکی گەورەی شیعەکانە، کە تیایدا زیاتر لە ۱۰۰ کەس کوژران. لە کۆتاییەکانی مانگی ئاداردا، ئەم گروپە کردارێکی خۆکوژی لە یاریگایەکی تۆپی پێ ئەنجامدا کە یانەیەکی لایەنگری شیعە بەشداربوو، تیایدا بەلایەنی کەمەوە ٤٢کەس کوژران لەم هێرشەدا. لە نمونەیەکی تردا، بازاڕێکی قەرەباڵغ کرایە ئامانج لە کەرادە، کە گەڕەکێکی شیعە نشینە لە بەغدا، لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا. بەلایەنی کەمەوە ۳٤۱ کەس کوژران و ۲٤٦ کەسی تریش بریندرابوون. بەگوێرەی ئەو داتا و زانیارییانەی کە لەلایەن لیژنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) کۆکراونەتەوە، داعش لە بەئامانجگرتنی هێرشەکانی بۆ سەر موسوڵمانە شیعەکان و کۆمەڵگا کەمایەتییە ئاینییەکانی تردا ۱،۷۷۷ کەسی کوشتووە و ۳،۰۷۷ کەسیش بریندراربوونە لە ۹٦ ڕووداوی جیاجیادا لەوەتەی ساڵی ۲۰۱٤ەوە.

لە مانگی کانوونی دووەمی ۲۰۱٦ەوە، لەنێوان ۷۰۰،۰۰۰ تاوەکو ۱،۲ ملیۆن هاوڵاتی ئاسایی لەناو موسڵ ماونەتەوە و ناتوانن شارەکە جێبهێڵن. وا زانراوە کە داعش ناسنامەی کەسی بۆ هاوڵاتییان دروستکردووە و ئەوانەشی کوشتووە کە هەوڵی هەڵاتنیان داوە. دانیشتوانی مەسیحی موسڵ بەشێوەیەکی فراوان هەڵاتوون لە ساڵی ۲۰۱٤دا لەکاتی سەرەتاکانی دەستبەسەرداگرتنی گروپەکە بەسەر پارێزگای نەینەوادا، وە نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە. شەڕکەرانی داعش ئەو ماڵ و شوێنی کارانەی کە موڵکی مەسیحییەکانبوو نیشانەکردووە بە نووسینی پیتی "ن" (لە زمانی عەرەبی دا پیتی "ن" ئەمەش بە مانای "نەسارا" دێت کە لەزمانی عەرەبیدا بەمانای مەسیحی دێت وەرگیراوە لە وشەی 'Nazarene'). بەگوێرەی چەندان گروپی مەسیحی کە تاوانەکانی داعشیان تۆمارکردووە، بەلایەنی کەمەوە ۳۳ کەنیسە لەناو شاری موسڵ و دەوروبەریدا سوتێنراون/ هەندێکی یاخود بەتەواوی وێرانکراون. ئەوانەشی کە وێران نەکراون وەکو بارەگای سەربازی داعش یان وەکو باڵەخانەی بەڕێوەبردن بەکارهێنراون. ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە جیاجیاکان ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کە داعش کەلەپووری دەستکردی دزیوە لەو مۆزەخانە و کەنیسانەی کە تیایدا هەڵگیراون و لە بازاڕی ڕەشدا فرۆشتویەتی. ئەوان هەروەها گۆڕستان و شوێنی

ناشتنی کەسایەتییە پیرۆزەکانییان وێرانکردووە. هەرچەندە ئازادکردنی گوندەکانی دەوروبەری موسڵ ڕێگەیداوە بە هەندێک لە سەرکردەکانی کەمایەتییە ئاینییەکان بۆئەوەی بگەڕێنەوە تاوەکو ڕاددەی وێرانبوونی گوندەکان بزانن، بەڵام ئەم ناوچانە هێشتا ناتوانرێ بکرێنە شوێنی ژیان لەبەر وێرانبوونی ژێرخانی گرنگی شوێنەکان و وە ناتوانرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاوەدانبکرێنەوە.

**دەستدرێژییەکانی حکومەتی عێراق:** شەڕکردن لەدژی داعش وەکو کاری لەپێشینەی حکومەتی عێراقی دەمێنێتەوە. هێزەکانی پێشمەرگەی کوردی و هێزەکانی پاراستنی عێراق (ISF) میلیشیا شیعەکان کە بە حەشدی شەعبی ناسراون ( PMF (Popular Mobilization Forces)) کە زۆرێکیان لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن، ئەمانە هەموویان کاراکتەری سەرەکی ئەم هەوڵانەن. لەوکاتەی حکومەتی عێراقی هەوڵی ئەوەی داوە کە ململانێکانی نێوان کۆمەڵگەی شیعە و سوننە کاڵبکاتەوە لە عێراقدا، ئەرکی حەشدی شەعبی هێشتا کێشەی لەسەرە. لەدواییەکانی ساڵی ٢٠١٥دا، هێزەکانی حەشدی شەعبی خرانە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆ وەکو هەوڵێک بۆئەوەی کە بخرێنە ژێر ڕکێفی حکومەتی عێراقی. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە چاودێران ئاماژە بەوەدەکەن کە حەشدی شەعبی بەردەوامە لە ئەنجامدانی کردارەکانی بەسەربەخۆیی هاوتا لەگەڵ هێزە عێراقییەکانی تر. بەدرێژایی شەڕی دژی داعش، هەریەکێک لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی (کە نزیکەی ٤٠ ژمارەیان هەیە) وە هێزەکانی پاراستنی عێراق (ISF) چەندین لیستیان ئامادەکردووە وادانراون کە "ڕایانکردووە لە دادگا" کە ڕێگەیان پێنادرێت بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان بە گومانی لایەنگیری کردنیان لە گرووپی تیرۆریستی.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دڵەڕاوکێی خۆیان پیشانداوە لەوەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە لەوانەیە بخرێنە نێو ئەم لیستانەوە لەسەر بنەمای تاوانبارکردنی ناڕاست وە بەکارهێنانی چەندین ژمارەی لیستی داواکراوان دەبێتە هۆی دەرەنجامی نابەجێ و توند و ناڕەوای کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ هەندێک لە عەرەبە سوننەکان. حەشدی شەعبی بەردەوام تۆمەتباردەکرێت بە شکاندنی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی لە بەرامبەر دانیشتوانی عەرەبی سوننی کە گومانیان لێ دەکرێت کە هاوسۆزییان بۆ داعش هەبێت. لە یەک نمونەدا، لەکاتی ئازادکردنی فەللوجە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٦دا، میلیشیا شیعەکان تۆمەتبارکران بە (کە دواتر لێکۆڵینەوەی تێدا کرا) بەشداریکردن لە کوشتنی ٤٩ کەسدا، وە دیارنەمانی بەلایەنی کەمەوە ٦٤٣کەس، وە بەتوندی سزادانی بەکۆمەڵی ژمارەیەک پیاوی عەرەبی سوننە. لەوکاتەی حکومەتی عێراقی چوار کەسی دەستگیرکرد کە لە گرتەی ڤیدیۆییدا دەرکەوتبوون، بەڵام هێشتا شوێنی ٦٤٣کەسە ونبووەکان تا ئێستا نەزانراوە. سەرچاوەکان لە عێراقدا بە لیژنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*)یان ڕاگەیاندووە کە ئەگەری زۆرە کە ئەمانیش کوژرابن.

حکومەتی عێراقی بە بەردەوامی ئەوە ڕادەگەیەنێت کە فەرمانی یەکلاکەرەوە دەردەکرێت بۆ پاراستنی هاوڵاتییان، هەرچەندە بێتوانایی حکومەتی سەرۆک وەزیران عەبادی لە کۆنترۆڵکردنی حەشدی شەعبی لە ئەنجامدانی دەستدرێژی کردنەسەر مافەکانی مرۆڤی لەم شێوەیە و وە هەروەها پشتبەستن بە بەشەکانی بۆ ئازادکردنی شارەکان لەدەستی داعش دڵەڕاوکێی بەردوامی لەسەرە. هەرچەندە حەشدی شەعبی لەهەندێک حەڵەتدا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە، بەڵام لە چەندین نمونەی تردا لە یاسا ڕایانکردووە. لەبەر هۆکاری ململانێی تائیفی ورد، حکومەتی عێراقی ڕێگری کردووە لەوەی کە حەشدی شەعبی بەشداربێت لە ئازادکردنی شاری موسڵ کە دانیشتوانەکەی زۆربەی سوننە مەزهەبن. لەبری ئەمە حکومەت پشتی بەستووە بە سەرکردەکانی هێزەکانی پاراستنی عێراق (ISF) و بەشی زێرین کە بەباشی ڕاهێنانیان پێکراوە. بۆیە تا ئێستا، بەشی زێرین چەندین گوندی لە دەوروبەری موسڵ ئازادکردووە، کە تا ئێستا ڕاپۆرتی کەم هەن لەسەر دەستدرێژی ململانێی تائیفی. جگە لەمانە، ئەم بەشە ئاڵای عێراق هەڵدەگرێت، کە ئەمەش دژیەکە لەگەڵ چەندین گرووپی میلیشیای حەشدی شەعبی، لەوانە

بەتالیۆنی ئیمام عەلی و حیزبوڵلا کە ئاڵای ئیمام حوسێن هەڵدەگرن (ئاڵایەکە کە ڕەنگدانەوەی تائیفەی شیعەیە) کە ئەمەش ململانێی تائیفی زیاتر دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تەنانەت شکستهێنانی داعش لە موسڵ ململانێی شیعە و سوننە چارەسەرناکات کە ئەمە دەرەنجامی کەمی هاوڕایی سیاسییە لە بنیاتنانی حکومەتێک کە نوێنەرایەتی هەموو کۆمەڵگاکانی نێو عێراق بکات.

سەرباری شەڕ لە دژی داعش، لە ساڵی ٢٠١٦دا حکومەتی عێراقی پشتی بەستووە یان گرنگیداوە بە سێ پێوانە کە بەشێوەیەکی نەرێنی کاریکردۆتە سەر ئازادی ئایینی. سەرەتا لە ٢٣ی تشرینی یەکەمدا پەرلەمانی عێراق یاسایەکی دەرکرد بە قەدەغەکردنی دروستکردن و بەکارهێنان و فرۆشتنی خواردنەوە کحولییەکان، کە پێشکەشکرابوو لەلایەن دەوڵەتی یاسا (حزبی ئیسلامی شیعە)، سەرۆک وەزیران عەبادی واژۆی لەسەرکرد و بوو بە یاسا لە مانگی کانوونی یەکەمدا. یاساکە ئاگاداری کۆمەڵگا نا موسوڵمانەکانی کردەوە، ئەوانەی کە وەکو موسەڵمانان نین و ڕێگری ئاینییان نییە لە خواردنەوە و فرۆشتنی کحول. حکومەت بیانووی بۆ ئەم پێوانەیە (یاسایە) ئەوەبوو کە ئەمە دژی یاسای شەریعەتە کە حکومەت خەرجی و پارەی شتێک کۆبکاتەوە کە قەدەغەکراوبێت لە ئیسلامدا، وەکو خواردنەوە کحولییەکان، هەرچەندە لە دەستوری عێراقدا مافی کەمایەتییە ناموسوڵمانەکان ئاماژەی پێکراوە، بەڵام ماددەی ٢ دەڵێت هەر یاسایەک دژی ئیسلام بێت قەدەغە دەکرێت. کۆمەڵگا کەمایەتییەکان قەدەغەکردنی خواردنەوە کحولییەکان بە شکاندن و سووک سەیرکردنی ئازادی و بیروڕای ئایینی دەبینن. یەکێک لە ئەندامە مەسیحییەکانی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند کە، "قەدەغەکردنی کحول بەشێکە لە شەڕ لە بەرامبەر کەمایەتییە ئاینییەکان کە مەبەست تیایدا ئەوەیە کە وایان لێبکەن بچنە دەرەوەی وڵاتیان لەڕێگەی دوورخستنەوە و پەراوێزخستن و سیاسەتی بێزارکردن."

دووەم، لە ٢٨ ی تشرینی یەکەمدا، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی نووسراوێکی فەرمی دەرکرد بۆ لەبەرکردنی جلی هاوتا (موحد) بۆ قوتابیانی ڕەگەزی مێ لە کۆلێژەکانی زانکۆکانی عێراق. هەندێک لەوانەی کە دژی نووسراوەکە بوون لەوانە ئەندامێکی پەرلەمان لە لیژنەی ژنان لەبەرکردنی جلی هاوشێوەیان ڕەتکردەوە، وە ڕایگەیاند کە "ئەمە گونجاو نییە لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگای عێراقی، کە بە هەمەچەشنی کلتووری دەناسرێتەوە." وردەکاری جلوبەرگەکە قوتابییە مێیەکانی ناچاردەکرد کە تەنوورەی فراوان و لەخوار چۆک لەبەر بکەن وە پێڵاوی وا لەبەربکەن کە بەرزی پاژنەیان لە پێنج سانتیمەتر زیاتر نەبێت،" وە پانتۆڵیشی قەدەغەکرد. ڕووبەڕووبوونەوەکان لەدژی نوسراوەکە وەزارەتی ناچارکرد کە ڕوونکردنەوەیەک بڵاوبکاتەوە کە "یاسای جلوبەرگ پێویستە بەتەواوی جێبەجێبکرێت بەڵام بەڕێوەبەرایەتی هەر زانکۆیەک دەتوانێ وردەکاری جلوبەرگەکان دیاری بکات." ئەوانەی دژی نوسراوەکەبوون لەوانە لیژنەی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، بڕوای وایە کە پێداویستی ئەم جۆرە جلوبەرگە لەبەرهۆکاری پاڵەپەستۆی هەندێک لایەن (حیزب) بووە کە مەبەستییانە بنەماکانی ئیسلام بڵاوبکەنەوە بەناو کۆمەڵگادا.

لەکۆتاییدا، پڕۆژە یاسای کارتی ناسنامەی نیشتیمانی وەکو کێشەیەکی بەردەوام دەمێنێتەوە بۆ کەمایەتییەکانی عێراق. لە پڕۆژە یاساکەدا هاتووە کە ئەو منداڵانەی کە یەکێک لە باوکی یان دایکی موسڵمان بێت ئەوا ئەو منداڵە وەکو موسڵمان دەناسرێت (ناسنامەی موسڵمانی پێدەدرێت). هەروەها ئەمە پاڵپشتی لە کۆت و بەندەکان دەکات کە موسڵمانان ناتوانن ناسنامەی ئایینی خۆیان بگۆڕن لەسەر کارتی ناسنامە دوای ئەوەی کە ئایینی خۆیان دەگۆڕن بۆ هەر ئایینێکی تر. جێگرەوەکان کە گرنگیان پێدەدرێت زمان دەگۆڕێت بۆ یەکێک لەم بژاردانە: (١) منداڵی بچوک ئاینی دەگۆڕدرێت بۆ ئیسلام کاتێک دایکی یان باوکی دەبێتە ئیسلام، بەڵام لەماوەی یەک ساڵی بەرلە بوون بە ١٨ ساڵ، بەڵام ئەو منداڵەی کە بەزۆر ئاینی پێگۆڕدراوە مافی ئەوەی هەیە کە داوایەک پێشکەش بە دادگا بکات بۆئەوەی بگەڕێتەوە سەر ئەو ئاینەی پێشوتری لەدایکبوونی، یان (٢) منداڵی

بچوک (خوار تەمەنی ١٨ ساڵی) ئاینی لەدایکبوونی دەپارێزێت کاتێک دایکی یان باوکی دەبێتە ئیسلام، بەڵام ئەمە ئەو کاتە دەبێت کە تەمەنی دەبێتە ١٨ ساڵ وە دوای ئەوە هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێ پارێزگاری لە ئاینی لەدایکبوونی بکات یان دەتوانێ ببێتە ئیسلام. چاودێران پێشبینی دەکەن کە پەرلەمان بژاردەی دووەم هەڵبژێرن، کە ئەمەش باشتر ئازادی ئایینی دەپارێزێت.

**حاڵەتەکان لە هەرێمی کوردستان KRG:** لە ساڵی ٢٠١٦دا، لیژنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) لیژنەیەکی پێکهێنا بۆئەوەی لێکۆڵینەوەیەک ئەنجامبدات بۆ پشکنینی بارودۆخی ئازادی ئایینی لە هەرێمی کوردستان چونکە کەمایەتییە ئاینییەکانی تر بەهێشاو ڕوویان لەو هەرێمە کردووە و بە شوێنێکی سەلامەت و ئارامیان بینیوە. وەکو دەرەنجامی گەشەکردنی هەمەجۆری لە هەرێمی کوردستاندا، حکومەت هەنگاوی ئەرێنی ناوە بەرەو ڕووی کەمایەتییەکان لەرێگەی دەرکردنی یاسای مافی کەمایەتییەکان (بۆ پاراستنی ئازادی ئایینی و قەدەغەکردنی توندوتیژی ئایینی)، دامەزراندنی نوێنەرانی ئایینی جیاجیا و وە هەوڵدان بۆ هەمەجۆر کردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەڕووی ئاینییەوە بەشێکن لەم هەوڵانە. پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان شەریعەی وەکو یەک سەرچاوەی یاسادانان ناساندووە، بەڵام ئەو یاسایانە قەدەغە ناکات کە لە ئیسلام لادەدەن (ئەمەش پێچەوانەی دەستووری عێراقە) وە مافی نا موسڵمانەکانیش پارێزراوە. جگە لەمانەش، لەو ١١١ ئەندام پەرلەمانەی کوردستان، پێنج کورسی بۆ تورکمان و وە پێنج کورسیش بۆ ئاشوری و کلدان و سریان، وە یەک کورسیش بۆ ئەرمەنییەکان تەرخان کراوە. بەڵام هیچ کورسییەک بۆ یەزیدی و شەبەک تەرخان نەکراوە. کۆمەڵگاکانی کەمایەتییە ئاینییەکان ئەوە ڕادەگەیەنن کە یاساکانی هەرێمی کوردستان بەتەواوی جیاکراوە نین، یاساکان بەهێزنەکراون بۆ پاراستنی کەمایەتییەکان و سیستەمی دادگاش دانیشتوانی کوردی بەلاوە پەسەندترە. کەمایەتییە ئاینییەکان هەروەها خەمبارن بە گەشەکردنی توندوتیژی لەنێو کۆمەڵگەی شیعە و سوننەدا.

هێزە کوردییەکان سەرکردایەتی شەڕی دژی داعش دەکەن، وە دەست دەگرن بەسەر ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەرە (ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم)، کە ئەمەش ناکۆکی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراقی زیاتر کردووە. ئەم ناوچانە لەڕووی ئایین و نەتەوەییەوە جیاوازن و هەریەکە لە عەرەبی سوننی و تورکمانی شیعە و سوننە و مەسیحی ئاشوری و یەزیدی و شەبەک و هیتریشی تێدایە. مافەکانی مرۆڤ و گروپەکانی کەمایەتییەکان ئەوە ڕادەگەیەنن کە دەسەڵاتدارانی کوردی و هێزەکانی پاراستن هەوڵی ئەوەیان داوە کە ئەم ناوچانە "بە کوردی بکەن" بۆ برەودان بە هەڵی دەستبەسەرداگرتنی ئەوان لەدوای شکستهێنان بە داعش. چەندین ڕاپۆرت هەن لەسەر ئەوەی کە موڵک و ماڵ کە هی کوردەکان نین وێران کراون و وە ڕێگەدەگیرێت لە ئاوارەکان کە بگەڕێنەوە شوێن و ماڵی خۆیان. هیتریش بە (*USCIRF*) یان ڕاگەیاندووە کە پاڵپشتی ماددی و مرۆیی ناکرێن ئەگەر لایەنگیری حیزبە کوردییەکان نەکەن.

کۆمەڵگا مەسیحییەکان داندەنێن بە هەوڵەکانی KRG بۆ پاراستنیان لە دەستی داعش و دابینکردنی پێداویستییەکانیان. KRG پارەی بە کۆمەڵگا مەسیحییەکان داوە بۆئەوەی کەنیسە دروست بکەن. بەڵام دوور لە چەقی دانیشتوان، بەتایبەتی لە شاری دهۆکدا، کۆمەڵگا ئاشورییەکان گلەییان هەیە لە داگیرکردنی خاکەکانیان لەلایەن نەتەوەی کوردیەوە، هەندێکجار بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی کوردی ئەم کارانە ئەنجام دەدەن، وە ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەوان ڕێگەیان لێدەگیرێت لەرێگەی خاڵەکانی پشکنینی گەرەکەکان کاتێک دەیانەوێت شکایەت بکەن.

یەزیدییەکان بەردەوام ئاماژە بە بوونی دژایەتیکردن و جیاکاری دەکەن لەسەر دەستی کاربەدەستانی KRG. ژمارەیەکی زۆری یەزیدی ئەوە ڕادەگەیەنن کە ئەوان پاڵەپەستۆیان دەخرێتەسەر بۆئەوەی خۆیان وەکو کورد بناسێنن، تەنانەت ئەگەر

ئەوان کوردیش نەبن. هەروەها چەند راپۆرتێک هەن لەسەر ئەوەی کە پێشمەرگە هەڵساوە بە تاڵانکردنی گوندە یەزیدییەکان، هەروەها ڕێگرییان کردووە لە چالاکی یەزیدی و سەرکردە سیاسییەکانی یەزیدییان دەستگیرکرووە، وە دابینکەرانی یارمەتییە مرۆییەکانیان سنووردارکردووە تەنیا بۆ ئەوانەی کە نزیکن لە KRG. هەروەها دەوترێت کە KRG ئابڵۆقەیەکی نافەرمی لەسەر شەنگال داناوە، کە شوێنی یەزیدییەکانە، کە ئەمەش ڕێگە بە هێزەکانی پاراستن دەدات کە دەستبگرن بەسەر هەموو دەرچەکانی داخڵبوون و دەرچوون لە شەنگال. لەوکاتەی هەندێک لە یەکەکانی پێشمەرگە لە یەزیدییەکان پێکهاتوون، بەڵام زۆرێک لە یەزیدییەکان بڕوایان وایە کە هێزە عێراقی و کوردییەکان پاراستنی کۆمەڵگای ئەوان لایان کاری لەپێشینە نییە.

(بۆ زانیاری زیاتر لەسەر حاڵەتەکانی ئازادی ئایینی لە KRG، بچۆ سەر خاوبوونەوەی ڕۆژی کوردی: ئاواتەکان و مەترسییەکانی کەمایەتییە ئایینییەکان لە باکوری عێراقدا لەسەر ماڵپەڕی www.uscirf.gov.)

**سیاسەتی ئەمریکا**

لە ١٧ی ئاداری ٢٠١٦دا، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جۆن کێری ڕوونیکردەوە کە داعش بەرپرسیارە لە "کۆمەڵکوژی (جینۆساید) دژی گروپەکانی ژێر ڕکێفی خۆی لەوانە یەزیدییەکان و مەسیحییەکان و موسڵمانە شیعەکان" وە " بەرپرسیارە لە ئەنجامدانی تاوان دژی مرۆڤایەتی و پاکتاوی ڕەگەزی لەسەر هەمان ئەو گروپانە، وە لەهەندێک حاڵەتدا لەسەر موسڵمانە سوننیەکان و کورد و کەمایەتییەکانی تر." لەوەتەی ئەم ڕوونکردنەوەیەوە، بەگوێرەی وەزارەتی دەرەوە، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا چەند پرۆگرامێکی جێبەجێکردووە بۆ دابینکردنی پاڵپشتی سایکۆلۆجی بۆ کچان و ژنان، بەتایبەتی بۆ یەزیدییەکان، ئەوانەی کە ڕزگاریان بووە لە کۆیلایەتی سێکسی و توندوتیژی ڕەگەزی. پرۆگرامەکان هەروەها پاڵپشتی لە دروستکردنی تۆڕی یارمەتی یاسایی و بەهێزکردنی توانای ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGOs) دەکەن بۆ گێڕانەوەی دادگەری بۆ کۆمەڵگا پەراوێزخراوەکانی عێراق. وەزارەتی دەرەوە هەروەها هەڵسا بە "ئەنجامدانی کۆنفرانسێک لەبارەی هەڕەشەکانی سەر کەمایەتییە ئایینی و نەتەوایەتیەکان" لە ٢٨-٢٩ی تەمموزی ٢٠١٦، کە ٣٠ وڵات و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بەشداربوون تیایدا، کە تیشکی تایبەت خرابووە سەر پاراستنی کەمایەتییە ئاینییەکان و کەلەپووری کلتووری و ڕۆشنبیری. لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٦دا، حکومەتی ئەمریکا چەندین دەستپێشخەری تری ڕاگەیاند لەبارەی ئەم حاڵەتانەوە، لەوانە درووستکردنی دەستەی هەماهەنگی لەنێوان بریکارەکان بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری و بنیاتنانی تواناکان بە مەبەستی پاراستنی کەلتوور و هەوڵەکانی پاراستن و بەهێزکردنی هەوڵەکانی پاڵپشتیکردنی یاسا لەدژی مامەڵەکردن بە کەلەپوورە کۆنەکان و کاری بازرگانی تیرۆریستەکان.

جگە لەمانە، باڵوێزی ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی دەیڤد ساپێرستاین لەبەردەم لیژنەی کاروباری دەرەوەدا شایەتی ئەوەیدا کە حکومەتی ئەمریکا پارەی تەرخانکردووە بۆ لێکۆڵینەوە و تۆمارکردنی گۆڕی بەکۆمەڵ لەو ناوچانەی کە ئازادکراون لەدەستی داعشدا، وە دەگەڕێت بەدوای ڕێگاکانی بەکارهێنانی مانگی دەستکرد و شیکردنەوەی شوێنی جوگرافی بۆ دەستنیشانکردنی ئەو شوێنانەی کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت کاری وەحشیگەریان تیادا ئەنجامدرابێت کە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی داعشدان. هەرچەندە یاسای ئێستای ئەمریکا کارەکە بۆ ئەمریکا زەحمەت دەکات تا خەرجی پێویست بەکاربێنێت بۆ پاڵپشتیکردنی لێکۆڵینەوەکان و دادگاییەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC)، تەنانەت بۆ ئەو حاڵەتانەی کە ئەمریکا پاڵپشتی لێدەکات.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، وەکو بەشێک لە ٦٨ ئەندامی هاوپەیمانییەتی دژی داعش، بەردەوامە لە بێهێزکردن و لەناوبردنی داعش. بە سەرکردایەتی ئەمریکا، هێزەکانی کرداری چارەسەرکردنی خۆیی – عێراق هێرشی ئاسمانی بۆسەر داعش ئەنجامداوە شانبەشانی ئوستراليا و بەلجیکا و کەنەدا و فەرەنسا و ئوردن و هۆڵەندا و بەریتانیا. لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٤ەوە تاوەکو کانوونی یەکەمی ٢٠١٦، هاوپەیمانان تەنیا لە عێراقدا زیاتر لە ١٠،٠٠٠ هێرشی ئاسمانیان ئەنجامداوە. هێزەکانی زەمینی ناوخۆ و هاوپەیمانان توانیویانە لەسەدا ٥٦ی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵبکەنەوە کە پێشتر داعش دەستی بەسەرداگرتبوو، وە ژمارەی ئەو شەرکەرە بیانیانەی دەهاتنە ناو عێراق بەشێوەیەکی زۆر کەمی کردووە. لەوەتەی ٢٠١٤ەوە، ئەمریکا ١,٦ ملیار دۆلاری خەرج کردووە لە بنیاتنانی تواناکانی هێزەکانی پاراستنی عێراق (ISF)، وە لە ساڵی ٢٠١٦دا هێزەکانی پێشمەرگە بڕی ٤١٥ ملیۆن دۆلاریان بۆ تەرخانکراوە بۆ یارمەتیدانیان لەڕووی سەربازی و ئابوورییەوە بۆ شەرکردن لەدژی داعش. ئەمریکا هەروەها لەڕووی ئابوورییەوە پاڵپشتی کردووە لەو هەوڵانەی دەدرێن دوای ئازادکردوەی ناوچەکان بۆ سەقامگیرکردنیان لەڕێگەی خەرجی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەقامگیرکردنی خێرا (FFIS) وە خەرجی یارمەتیدان بۆ فراوانکردنی سەقامگیری بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا ئازادکراوە نوێیەکان لەناو ڕومادی و فەللوجە و موسڵ و دەوروبەریان.

لەساڵی ٢٠١٦دا، حکومەتی ئەمریکا زیاتر لە ٥١٣,٤ ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد بۆ یارمەتی مرۆیی بۆ پاڵپشتیکردنی ١٠ ملیۆن کەس کە پێویستییان بە یارمەتییە. ئەم خەرجییە پاڵپشتی لەم دامەزراوانەی خوارەوەی کردووە: ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئاوارەکان، خەرجی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان، نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی لە کاروباری مرۆیی، خەرجی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان، وە لیژنەی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئاوارەکان، وە هیتریش. ئەو هەوڵانەی کە لەلایەن ئەمریکاوە خەرجی بۆ دابینکراوە وەکو هەماهەنگی کامپ، پاڵپشتی پزیشکی و تەندروستی، پرۆژەکانی پەروەردە، یارمەتی خۆراک، پاڵپشتی سایکۆلۆجی کۆمەڵایەتی، دووبارە بنیاتنانەوەی پەناگە، وە گەشەپێدانی ژیانی ڕۆژانە. لەوەتەی مانگی ئەیلولی ٢٠١٦ەوە، ئەمریکا بڕی ٣,٥ ملیۆن دۆلاری تەرخانکردووە بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی سەر ڕووخانی بەنداوی موسڵ، کە ئەمە دەبێتە کارەساتێکی گەورە لەسەر کۆمەڵگای عێراقی بەدرێژایی ڕووباری دیجلە. هەروەها ئەمریکا بەردەوامە لە جێگیرکردنی ئاوارە عێراقییەکان لەناو ئەمریکا. لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٧ەوە حکومەتی ئەمریکا زیاتر لە ١٣١،٠٠٠ هاوڵاتی عێراقی وەرگرتووە، کە لەسەدا ٤٠ی ئەو کەسانە ئەندامی کەمایەتییە ئاینییەکان بوونە، لەوانە بەڵام سنووردارنییە مەسیحی بە تائیفەی جیاجیا، سەبایانە مەندائییەکان و یەزیدییەکان. لە ساڵی ٢٠١٦دا، ٩،٨٨٠ عێراقی لە ئەمریکا جێگیرکراون.

**ڕوونکردنەوەی زیاتری جێگری سەرۆک جەیمس ج. زۆگبی:**

من پاڵپشتی لە ڕاپۆرتی ئەمساڵی عێراق دەکەم وە بڕیارەکەمان کە چیتر حکومەت لە لیستی CPC دانەنێین لەبەر سێ هۆکار.

> سەرەتا، حکومەتی سەرۆک وەزیران عەبادی کاریکردووە بۆ لاوازکردنی ململانێی تائیفی میلیشیاکان و گەشەپێدانی بەڕێوەبردنی حکومەت بەڕێچکەیەک کە نوێنەرایەتی هەموو لایەنێک بکات. ئەمریکا شانبەشانی عێراق کاردەکات بۆ شکستپێهێنانی داعش، وە بنیاتنانی سوپایەکی ناتائیفی، وە پاڵپشتیکردنی چاکسازی سیاسی کە دەبێتە هۆی دروستکردنی حکومەتێکی گشتگیرتر. ئێمە و عێراقییەکان پێداگیرین لەسەرئەوەی کە ئەو میلیشیایانەی کە ئێران پاڵپشتیان دەکات سەرکردایەتی ئازادکردنی موسڵ نەکەن، وە هەرکاتێک داعش شکستی پێهێنرا، کەمایەتییەکان بگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان و بپارێزرێن. ئێمە هەروەها لەوەش تێدەگەین کە لەکاتی ئێستادا حکومەتی عێراقی توانای کەمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم

بەرەنگارییانە (تحديات). ئەوان پێویستیان بە پاڵپشتی ئەمریکا هەیە نەک سەرزەنشتکردن.

دووەم، ئێمە دەستدرێژیکەرانی سەرەکی سەر ئازادی ئایینی دەناسین کێن و تاوانباری دەستدرێژی تائیفی داعش و ئەو میلیشیایانەن کە ئێران پاڵپشتیان دەکات. ئێمە داعشمان وەکو EPC داناوە.

سێیەم، من دژی ناوهێنانی پێشوتری لیژنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) بووم بۆ عێراق وەکو CPC، چونکە من لەو بڕوایەدام کە ئەمە بەهۆی شکستی ئیدارەی پێشوتری ئەمریکا بووە کە عێراقی بەم بارودۆخە نالەبارەی ئێستای گەیاندووە. ئەوە لەخۆبایی بوون بوو کە وای لە ئیدارەی بۆش کرد هێرشبکاتە سەر عێراق و داگیری بکات و دووبارە کاربەدەستانی دابنێتەوە بەبێ گوێدانە دەرەنجامی کارەکانیان. دروستکردنی میلیشیای تائیفی، بێ ماڵوحاڵ بوونی یەک لەسەر پێنجی دانیشتوانی عێراق، وە بەهیلاکچوونی کۆمەڵگەی مەسیحی – ئەمانە هەمووی بەبەرچاوی ئێمەوە ڕوویاندا. پاشان ئیدارەی ئۆباما لە عێراق کشایەوە و لەشوێنی خۆی حکومەتی مالیکی تائیفی بەجێهێشت.

چونکە من وا هەستدەکەم کە ئێمە خاوەنی ئەم ئاژاوە و تێکچونەین، من وا هەستمکرد کە سادەیی لەشوێنی خۆیەتی.